دووەم

شیرك لەناو و سیفاتەکانیدا

﴿الشرك في الأسماء والصفات﴾

شەریك و هاوەڵ بۆ خوا دانان لەناوە جوان و سیفاتە بەرزەکانیدا بە دووشێوە دەبێت:

شێوەی یەکەم: التعطیل.[1]

واتە: نەهێشتن ولادان و نەفی کردنی سیفاتەکانی خوای پەروەردگار وەك جەهمی و قەرامیطەکان سیفاتە کامل وتەواوەکانی نەفی دەکەن و بەنوقسانی بێ سیفەتە تەواوەکانی دەیهێڵنەوە. وە گومانیش لەوەدا نیە کە تەواویەتی هەموو زاتێك بە تەواویەتی و کاملیەتی ناوو سیفاتەکانیەوەیە. وەبەم دارنینی سیفەتانە لە ﷲ، پەروەردگاریان دابەزاندوە بۆ ژێر پلەی بەندە دروست کراوەکانی؛ چونکە چەندەها سیفەتی باشیان بۆ ئەوان داناوە، لەکاتێکدا کە هیچ سیفەتێکیان بۆ خوای پەروەردگار نەهێشتۆتەوە!.

شێوەی دووەم: وێچواندن (التمثیل)

ئەمە شیان دوو جۆرە :

(أ). **وێچواندنی خوا بە بەندەکانی.** **(تشبیه الخالق بالمخلوق)**

وەك ئەو پێڕە گومڕایەی پێیان دەوترێت (المُشَبهة) کە پەروەردگار دەچوێنن بە بەندەی دروست کراو لە:

١. سیفاتەکانیدا؛ دەڵێن خوا دەستی هەیە وەك دەستی ئێمە، وەتوڕە دەبێت وەکو توڕەیی ئێمە، وەبەرز دەبێتەوە و دادەبەزێ وەکو ئێمە.

٢. وەهەروەها لەمامەڵە لەگەڵ کردنیشدا پەروەردگار دەچوێنن بەبەندە؛ دەڵێن بۆ نزیك بونەوەمان لێی پێویستیمان بە واسیتە هەیە وەکو چۆن بۆ لای کاربەدەستان پێویستیمان بەواسیتەو تکاکار دەبێت.

(ب). **وێچواندنی عەبد بەخوا** **(تشبیه المخلوق بالخالق)**

واتە وێچواندنی کەسێك بەخوا لە شتێك لە سیفاتەکانیدا، وەك وەصف کردنی کەسێك بەسیفەتێك یازیاتر لەسیفاتە تایبەتەکانی خوا:

﴿اعتقادُ منازع له في شيءٍ من مقتضيات أسمائه وصفاته﴾[2].

واتە: ئیعتیقاد بون بەوەی کە کەسێك هەیە لەگەل ﷲ یا لە بەرامبەر ئەودا خاوەنی شتێکە لە سیفاتەکانی ﷲ؛ وەك زانینی غەیب - بۆ نمونە:

﴿الشرك في العلم﴾: ئیعتیقاد بوون بە غەیری خوا کە عیلمی غەیب دەزانێ شیرکە

زۆر لە نەفامان باوەڕیان وایە شێخەکانیان ئاگاداری (علم الغیب) هەن، وە بە غاییبیش و دوای مردنیشیان هەر زانیارو ئاگادارن بەحاڵی خەڵکی و موریدەکان، وە لەوەش زیاتر زێدەڕەویان کردوە. بۆ نمونە (البوصیری) شاعیر، باوەڕی وایە کە هەموو عیلمی غەیب تەنها بەشێکە لە عیلمی پێغەمبەرﷺ؛ وەك لە وەصفیدا وتویەتی:

فإن من جودك الدنيا وضرتها
ومن علومك علم اللوح والقلم

واتە: هەموو عیلمی ناو لەوحی مەحفوزو ئەوەی کە بە قەڵەم نوسراوە تەنها بەشێکە لە عیلمی پێغەمبەر ﷺ !. کەواتە بەم پێیە پێغەمبەر ﷺ لە خوا عالم ترەو لە عیلمی غەیب زیاتریش دەزانێت!!(بە گومانی درۆی ئەوان).

---

[1] (تعطيل الجحد لاتعطيل التأويل) فتاوى العقيدة (ابن العثيمين)ص٤٦

[2] (أعلام السنة المنشورة ص٢٢) الحافظ الحكمي.

وە بەداخەوە زۆر لەنەفامان وەکو تووتی دەیڵێنەوە لە موناسەباتی دینی وەك لە ئاهەنگی ڕۆژی لە دایك بـوونی پێغەمبـەر ﷺ، بـێ بیرکردنەوە لەماناکەی !.

کەواتە لە جۆرەکانی شیرك لەناوو سیفاتەکانیدا، ویێچواندنی عەبدە بە خوا لە زانینی غەیب (الشرك في العلم)؛ چونکە لەڕاستیدا تەنها پەروەردگار ئاگاداری نیازو نهێنی‌یە تەواو شاراوەکانە ئەو نهێنیانەی کە نازانرێن نە بەهەسـتیارەکان، نە بەعەقڵ وهۆش. وەك خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿وَعِنْدَهُ مَفَاتِحُ الْغَيْبِ لا يَعْلَمُهَا إِلَّا هُوَ وَيَعْلَمُ مَا فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ﴾ (الأنعام: من الآية٥٩).

واتە تەنها لای خوایە کلیلەی نهێنی‌یە پەنهانەکان کە کەس نایزانێت تەنها خۆی نەبێت.

وە ئەو پێنج نهێنی‌یە پەنهانەش لە قورئان وحەدیسدا[٣] روون کراونەتەوەو بە کلیلەکانی غەیب (مفاتيح الغيب) ناوبراون.

﴿ إِنَّ اللَّهَ عِنْدَهُ عِلْمُ السَّاعَةِ وَيُنَزِّلُ الْغَيْثَ وَيَعْلَمُ مَا فِي الْأَرْحَامِ وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ مَاذَا تَكْسِبُ غَداً وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ بِأَيِّ أَرْضٍ تَمُوتُ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾ (لقمـان:٣٤)

واتە:

(١) بەڕاستی لای خوایە زانیاری ڕۆژی دوایی، واتە کەس نازانێت ڕۆژی دوایی کەیە خۆی نەبێت.

(٢) وەهەروەها کەس بە یەقینی نازانێت باران بارین کەیە خۆی نەبێت.

(٣) وەکەس نازانێت ناو ڕەحمی ئافرەت چ دروست کراوێکی تێدا دروست دەبێت وچۆن دەبێت خۆی نەبێ تاوەکو خۆی فەرمان نەکات بەفریشتەکانی بە نوسینی تەمەنی وکردەوەی ورزقەکەی.

(٤) وەکەس نازانێت بەیانی چ دەکات.

(٥)وە نازانێت لە کوێ دەمرێت بە یەقینی بەڵکو تەنها خوا زانیارە بەم نهێنیانە.

هەروەها زانیاری هەموو نهێنی‌یە پەنهانەکانی ئاسمانەکان و زەوی تەنها لای خوایە:

﴿وَلِلَّهِ غَيْبُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾. ((هود: من الآية١٢٣)).

وە هیچ کەسێك لەئاسمانەکان و زەویدا غەیب نازانێت جگە لە (الله) :

﴿قُلْ لا يَعْلَمُ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ الْغَيْبَ إِلَّا اللَّهُ﴾ (النمل: من الآية٦٥).

پێغەمبەریش ﷺ غەیب نازانێت!.

پێغەمبەریش ﷺ غەیب نازانێت: لەبەرئەوە خوا فەرمانی پێ کردوە کە بفەرموێ من غەیب زان نیم: ﴿قُلْ لا أَقُولُ لَكُمْ عِنْدِي خَزَائِنُ اللَّهِ وَلا أَعْلَمُ الْغَيْبَ﴾ ((الأنعام: من الآية ٥٠)).

واتە: ئەی محمد بفەرموو: من پێتان ناڵێم موڵك و خەزێنەی خوا لای منە وەغەیبیش نازانم.

﴿قُلْ مَا كُنْتُ بِدْعاً مِنَ الرُّسُلِ وَمَا أَدْرِي مَا يُفْعَلُ بِي وَلا بِكُمْ إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَى إِلَيَّ وَمَا أَنَا إِلَّا نَذِيرٌ مُبِينٌ﴾ (الأحقاف:٩)

﴿قُلْ لا أَمْلِكُ لِنَفْسِي نَفْعاً وَلا ضَرّاً إِلَّا مَا شَاءَ اللَّهُ وَلَوْ كُنْتُ أَعْلَمُ الْغَيْبَ لاسْتَكْثَرْتُ مِنَ الْخَيْرِ وَمَا مَسَّنِيَ السُّوءُ إِنْ أَنَا إِلَّا نَذِيرٌ وَبَشِيرٌ لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾ (الأعراف:١٨٨).

واتە نازانم چیم بەسەر دێت، وە ئەگەر غەیب زان بام ئەوە چی قازانجە ئەوەم دەکردو وە خۆم لەزەرەو دەپاراست و توشم نەدەبوو.

بەڵام جاری وا بووە پەروەردگار چەند غەیبێکی بە پێغەمبەرێك ڕاگەیاندووە و ئاگاداری کردۆتـەوە لێـی، لەبـەر حیکمـەتێك وە بـۆ دەرخستنی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەرەکەی وەك خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿عَالِمُ الْغَيْبِ فَلا يُظْهِرُ عَلَى غَيْبِهِ أَحَداً .إِلَّا مَنِ ارْتَضَى مِنْ رَسُولٍ﴾

---

[٣] **بروانە** (صحيح البخاري)(٧٣٧٩)

كەواتە ئەو پێغەمبەرانە نەبێت کە خوا چەند غەیبێکی پێ ڕاگەیاندون هیچ کەسی تر غەیری خوا غەیب زان نیە، نە پیاو چـاکان ﴿أولیـاء﴾، وەنە جنۆکەو شەیتانەکان، وەنە فالّ گرەوەو شوێن هەڵگرەکان، . . .وە هەرکەسێك ئیـددیعای زانینـی غـەیبی تـەواو ﴿الغیـب المطلق﴾ بکات بۆ خۆی یا بۆ غەیری خۆی ئەوە شەریکی بۆ خوا بڕیار داوە لەسیفاتەکانیدا لەلایەنی زانینی غەیب.

وە شێخ صدیق خان -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- فەرمویەتی :

﴿فمن اعتقد في نبيٍّ، أو ولي أو جن أو ملك، أو إمامٍ أو شـيخ أو شـهيد أو مـنجم أو رمـال أو جفّـارٍ، أو فـاتح رمـال أو بـرهمن، أو راهب أو جنية أو خبيث أن له مثل هذا العلم وهو يعلم الغيب، بعلمه ذلك، فهو مشرك بالله، وعقيدتـه مـن أبطـل البـاطلات وأكـذب المكذوبات، وهو منكر لهذه الآية القرآنية وجاحد لها﴾.[٤]

وە بەداخەوە زۆر کەسی نەفام ئیعتیقادیان بە ئیمام و شێخەکانیان وایە، کە غەیب دەزانن و ئاگاداری پـەنهانن ، و ە لـە دوورەوە بـە زیندویی و، لە ژێر گڵێش بە مردوویی هەر ئاگایان لە خەڵکی هەیە و گوێ بیستیانن!! بۆیە هاواریان دەکـەنێ و داوای یارمــەتیان لێ دەکەن چونکە نەك تەنها گومان ، بەڵکو ئیعتیقادی ئەوەیان پێیان هەیە کە ئاگادار و زانان بەو هاوارە دورە نهێـنیەیان!!.

وەئەم ئیعتیقادە شیرکیەشیان لە کتێبەکانیاندا تۆمار کردوە بۆ نمونە دەڵێن :

*﴿الأئمة يعلمون من أمر المبدأ والمعاد ما حجبه الله عن كافة العباد﴾[٥]

*﴿إنا نعلم المكنون والمخزون والمكتوم الذي لم يطلع عليه ملك مقرب ولا نبي مرسل غير محمد و ذريته﴾[٦]

*﴿ جاء عن أولياء الله من الأخبار عما كان ويكون من العباد ﴾[٧].

*﴿ وينبغي على المريد أن يعتقد في شيخه أنـــه يرى أحوالـــه كلها كما يرى الأشياء في الزجاجة﴾[٨].

*و**﴿الشعراني﴾ لە شێخەکەیەوە دەگێڕێتەوە کە گوایە دەیزانی چ شتێك لە** (لوح المحفوظ) **دا دەنوسرێت سەعات بە سەعات﴾!!**[٩].

وە هەروەها فالّ گرتنەوەو شوێن هەڵگری ﴿العرّاف والكاهن. . .﴾ لەو موشریکانەن کە ئیدیعای زانینی غەیب دەکەن. پەنا بەخوا.

تێبینی/

چەند جۆرە زانینێك هەن کە بەهۆی پێشەکیو نیشانەو تەجروبەوە. دەزانرێن تا ئـەندازەیـەك، ئـەم جۆرە زانیاریە غەیب نیەو شـیرك نیە.

وەك زانینی جنسی کۆرپە لەسکی دایکدا دوای چەند مـانگێك یاخود ئیحتیمال دانانی باران بارین بە هۆی حاڵەتی هــەورو کـەش و هەوا.

---

[4] **لە تەفسیری ئایەتی** (٥٩) ی أنعام.

[٥] المجالس المؤيدية ص/٤٤١ هبة الله الشيرازي.

[٦] القاضي /(٢٦١/٢٦٠).

[٧] (تأويل الدعائم)١/١٤٥ القاضي نعمان.

[٨] (التيجانية)ص١٨٤

[٩] الطبقات الكبرى.